عەبدوڵڵا سەمەدی

## بێ سنوور

کێیە دەستی بە ئەستێرە و خۆر ڕادەگا؟ سەدان دیوار و پەرژینی درووِ ناتوانن پێشی ڕاخوشینی ئەستێرەیەك بگرن.

هەموو سەرلەبەیانییەك ڕۆژ لە پشتی کێوە بەرزەکانەوە هەڵدێ و هەموو ئێوارەیەك، قورس و قایم ئاوا دەبێ. هەور هەر هەورە و بارانی لێدەبارێ. بەفر هەر دەبارێ و هەموو پایزان ئاڵتوونی گەڵا بە هەوای گژەبا، ڕەشبەڵەك دەگرن و هەزاران هەزار گژ و گیا وگوڵووك، بە لەنجە و لار لە جەرگی زەوی دەڕوێن و ناو دۆڵ و قەدپاڵ و پێدەشت دادەگرن. هەموو ڕۆژێ هەزاران میوە پێدەگەن، سەدان هەزار تۆو و دەنك لە ئامێزی گەرموگوڕی زەویدا دەگوورێن.

بالندەکان سنووریان بۆ نییە و سروودی جریوەیان بێتخیبە. با، سنووری بۆ نییە و هەموو کەوشەنێك دەپەڕێنێ. گۆیزەوی هەر دەسووڕێتەوە و دڵ لە کوتانیش ڕاوەستێ، لە کۆتانا ڕاناوەستێ. لە چڵەگیایەك، پەڕی گوڵێك، گەڵای دارێك، بۆنێکی سووك، میوێکی خۆش، هەر دەگوورێ و تەنیا ئەوەند، ڕەنگ دەگۆڕێ.

وڵاتەکەم! نیشتمانم! ئەی لە دایك خۆشەویستتر! لە ئایین گەلێك پیرۆزتر! کێ دەستی بە ئەوین ڕادەگا؟ کێ دەتوانی خۆشەویستی تۆ هەڵواسێ؟! تەنیا ئەوەند؛ لە تیشکی خۆر، لە کازێوە، لە مانگەشەو گەلێك ڕاسێ.